پاپای ڤاتیکان گواستراوەتەوە بۆ نەخۆشخانەیەکی ڕۆما بەمەبەستی ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکی



ئاژانسی هەواڵی ئیتاڵیا (ANSA) ئەمڕۆ چوارشەممە لە ڕاپۆرتێکدا باڵاویکردەوە، پاپا فڕانسیس پاپای ڤاتیکان گواستراوەتەوە بۆ نەخۆشخانەیەکی ڕۆما بەمەبەستی ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکی، ئەوەش ئاماژەیە بۆئەوەی کە چەند ڕۆژێکە توشی ئەنفلەنزا بووە.

پاپای تەمەن 87 ساڵ ئەمڕۆ چوارشەممە بۆیاربو دیدارێکی هەفتانە ئەنجامبدات و وتار بخوێنێتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەی وتاری نەخوێندەوە، ئامادەی دیدارەکەش نەبو، ئەرکەکەی بە یەکێك لە یاریدەدەرەکانی سپێردرا و بە ئامادەبوانی وت کە هەست بە باشی ناکات.

چەند ڕۆژێك لەمەوبەر، ڤاتیکان لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندبو، پاپا فڕانسیس بەهۆی توشبونی بە ئەنفلەنزای سوکەوە کۆبونەوەکانی کە بۆیاربو ڕۆژی شەممە ئەنجامبدات، سەرجەمیانی هەڵوەشاندەوە.

پاپا فڕانسیس تەمەن 87 ساڵ ڕۆژانی شەممە، جگە لە کۆبونەوە تایبەتەکان، کۆبونەوەی بەردەوام لەگەڵ بەرپرسانی ڤاتیکان ئەنجام دەدات.

پاپا لە چەند مانگی ڕابردودا چەندجارێك توشی کێشەی تەندروستی بوونە و بەهۆی نیشانەکانی ئەنفلەنزا و هەوکردنی سییەکان ناچار بوونە گەشتکی بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسی گڵانی کەشوهەوای نەتەوە یەکگرتوەکان (COP28) لە دوبەی لە مانگی (کانونی دووەم/1)ی ئەمساڵ هەڵبوەشێنەتەوە.